www. kurdistannet. org
10-8-2003 1:10

# یاسای پەشیمانی و هەڵوێستی پارتە سیاسیەکان

جەمال جاف

ماوەیەکە دەوڵەتی تورکیا کە لە ژانی قەیرانی کێشەی کورد دا دەناڵێنێت، دوا هەناسەی بۆگەنی خۆی هەڵدەکێشێت و دوای چەندین ئەو بەر ئەو بەرانێ و دزەکردنە ناو خاکی باشوری کوردستان و خۆرێك خستن لە ژێرناوی بەرەی تورکمانی و ئامادەکاری کاری تێکدەرانەو پوچەڵکردنەوەی گۆرانکاری و سەرنەکەوتنی، ئەم جارەیان گەلی کورد و رای گشتی گێژکردوە بە یاسای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە کە خۆیان گوتەنی "یاسای قازانجکردنی کۆمەڵایەتی"، هەروەکو دەزانرێت جگە لەوەی ئەوە جاری یەکەم و دووەم نیە تورکیا یاسای بەو شێوە دەردەخات بەڵکو ئەمە جاری شەشەمینە دوا بەدوای هەڵگیرساندنی شەڕی چەکداری واتە لە ساڵی 1984 بەدواوە تورکیا هەر جارەو کە کەوتۆتە قەیران و پشت و پەنای لێ کەم بۆتەوە یاسای بەوشێوەیەی دەرخستوە و پاشان بێدەنگ بووە، لەکاتێکدا کە ئەمریکا کەم بونەوەی ڕۆلی تورکیا لە هەرێمەکە نیشانی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا دەدات بۆ ئەوە سەربازانی تورك لە سلێمانیدا چەك دەکات و تەلیسیان دەخاتە سەر لەلایەکی دیکەش، هەڵوێستی ژیرانەی بزاڤی ئازادی نەتەوەیی بە ڕێبەرایەتی KADEK ئەمریکاش ناچار دەکات کە هەڵوێستێکی ئاشکرا دەربڕێت، ئیدی ئەمریکاش وەك جاران ناتوانێ کورد بکاتە دوو بەش و بەچاوی کوردی ڕەش و کوردی سپی واتە کوردی باش=باشور و کوردی خراپ=باکور تەماشا بکات، جگە لەوەش ئەوە ئاشکرایە کە ڕۆلی کوردان لە پرۆسەی گۆرانکاری ڕۆژهەڵاتی ناویندا بۆ ئەمریکا گەلێك گرنگەو ڕۆلێکی تا ڕادەیەك ستراتیژیە، بۆیە وا دیارە ئەمریکا هەرچەندە تا ئێستاش مەترسی بیر و بۆچون ئایدۆلۆژیای (کادەك) ی لەسەریش بێت بەشێوەیەکی گشتی ڕوبەڕوی ئەوە بۆتەوە کە دەبێت کێشەی کورد نەك تەنیا لە باشور لە باکوریش چارەسەر ببێت، چونکە هەبوونی چەکدارانی (کادەك) تورکیا نارحەت دەکات لە هەمان کاتدا تورکیاش ناتوانێ وەك جاران بێتە باشوری کوردستان چونکە هاتنی ئەم جارەی تورکیا نەك بەتەنیا لە لایەن کادەك توشی کاردانەوەی دەکات بەڵکو لەلایەن گەلی باشوری کوردستانیش توشی کاردانەوەی سیاسی و سەربازی دەبێت، لەو حاڵەتەدا ئەمریکاش وابزانم هێزەکانی (کادەك) لەلایەنی چۆنایەتی و چەندایەتی باش دەناسێت و ئەزمونی باشی لە گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی دژ بە "عبدالا ئۆجالان" وەرگرتووە، کە ئەو هێزە ناکرێت لەگەڵ تالیبان و موجاهیدینی خەلقی ئێرانی بەراورد بکرێت بەڵکو ئەمانە نەك بەتەنیا چەکدارن بەڵکو خاوەن پێگەیەکی سیاسی، ئابوری، جەماوەری بەهێزن لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جیهانیشدا ئەگەر بێت و ئەمریکا هەڵەیەکی بەو شێوەیە بکات پیلانەکەی لە هەرێمەکە لێ پوچەڵ دەبێتەوە، کەچی من وا بۆی ناچم ئەم سیناریۆیە ئی ئەمریکا بێت بەڵام تورکیا ماوەیەکی درێژە خەریکی ئەوەیە واتە دەیەوێت ئەمریکا و (کادەك) ڕوبەڕوی یەکتری بکاتەوە کەچی وادیارە سەرناگرێت، بۆیە پێدەچێت دەوڵەتی تورکیا ئەم یاساییەی نەك لە بەهێزی و بەخۆباوەڕی بەڵکو بە پێچەوانە لە بێ هێزی دەرخستبێت واتە تورکیا بۆ جاری شەشەمین ئەم شانسەی تاقی دەکاتەوە ئەگەر سەری نەگرت ئەوا ناچارە لێبوردنێکی گشتی پەسەند بکات و بەخۆی ئەم جارە پەشێمان ببێتەوە. هەروەها دەتوانم بڵێم لە هەرێمەکەدا دوو ستراتیژی کلاسیکی شکسیان خواردوە ئەوەی یەکەمین ستراتیژی دەوڵەتی تورکیایە کە نەتەوەکانی تر ئینکار دەکات و ستراتیژی دووەمینیش ئی پارتە کوردیەکانە کە دەیانەوێت کیانێکی کوردی تەسك لە هەرێمەکە دروست بکەن بۆیە هەردوو ستراتیژی ڕوبەڕوی گۆرانن بۆیە ئەو جموجۆڵەی دواییەی تورکیا بۆئەوەیە کە چەند ڕۆژێك ستراتیژی خۆی درێژ بکاتەوە و کات بەفیڕۆ بدات. لەو حاڵەتەدا ڕۆلی کورد و پارتە کوردیەکان بەتایبەتی لە باشور زۆر گرنگە، واتە پارتەکانی باشوری کوردستان دەبێت واز لە هەڵوێستی دوولایی بەردەن خۆیان ڕوون بکەنەوە ئایا هەڵوێست لە بەرامبەر تورکیا دادەنێت تاکو کێشەی کورد چارەسەر بکات یان وەك جاران هەموو بەشەکانی کوردستان بەقوربانی بەرژەوەندیە ڕۆژانەییەکانیان دەکەن، بەداخەوە کاتێك تەماشای ڕۆژنامەی ( (کوردستانی نوێ) ) ی زمانحاڵی YNK ژمارەی ڕۆژی 2003/08/09م کرد واقم وورِما کە لەو ڕۆژنامەیە تەنانەت لە لاپەرەی یەکەمینی درۆکانی وەزیری ناوخۆی تورکیا "عبدالرحمان ئاکسۆ" یان بڵاوکردۆتەوە کە گوایە 444 (پ ك ك) خۆیان تەسلیمی تورکیا کردۆتەوە کەچی ڕۆژنامەکانی تورکیا کاتێ ئەم شتانە بڵاودەکەنەوە متمانەیان نیە بەو هەواڵە هەڵبەستراوە،

**جالێرەدا پارتە کوردستانیەکانی وەك یەکێتی نیشتیمانی پێویستە واز لە خزمەتکردنی دوژمنان بهێنن و چیدی بەناوی سیاسەت نۆکەرایەتی و ماستاوچێتی ئەنجام نەدەن ئەمرۆ نۆرەی ئەوانە ئەگەر خوانەکات ئەوان بمرن بەیانی نۆرەی تۆیە کورد ووتەنی.**

**تێبینی کوردستان نێت:**

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.